# هۆی سەرنەکەوتنی موسڵمانان چی‌یە؟

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: حەمزە بەرزنجی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩
islamhouse.com

# ( ما هي أسباب عدم نصر المسلمين؟ )

« باللغة الكوردية »

إعداد: حمزة برزنجي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# هۆی سەرنەکەوتنی موسڵمانان چییە؟

سەرخستنی خوایی بۆ موسڵمانان بەخشش و دیارییەکە خوای گەورە خۆی دەیبەخشێ بەو کۆمەڵانەیکەشیاون، وەک دەفەرموێ:{ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا } سورەتی الفرقان ٣١.

بەڵام ئەم سەرخستنە کە مەرج و بنەمای هەیە بەنەبونییەکێک لەم بنەمایانە سەرکەوتن دوادەکەوێت ئەویش تا گرۆی موسڵمانان بەخۆیاندا بچنەوە. پەروەردگار ئەو بنەمایانەیلەم چەند ئایەتەدا کۆکردۆتەوە کە دەفەرموێت: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٤٥) وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ (٤٦) وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ } سورەتی الانفال ٤٥-٤٧ واتە: ئەی گرۆی بڕواداران کاتێ دەگەن بەکۆمەڵێک لەبێبڕوایان و ڕووبەڕوو دەبنەوە لەگەڵیان:

١- سەقامگیربن و دامەزراوبن.

٢- وەزۆر یادیخوایگەورەبکەن تا سەرکەوتووبن.

٣- وەبەردەوام گوێڕایەڵیخوایگەورەو پێغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) بکەن.

٤- وەدووبەرەک و پەرتەوازەمەبن گەرنا دەدۆڕێن و هەیبەت و هێزتان نامێنێ.

٥- وەئارامگرن خوایگەورەلەگەڵ ئارامگراندایە.

٦- وەوەک ئەو کەسانەمەبن (کەمەبەست بێباوەڕەکانە) کەلەماڵەکانیان دەرچوون بەفیزو ڕوپامایییەوەو بەربەستیڕێگایخوایان دەکرد.

خوایگەورەش ئاگادارە بەوەی ئەنجامی دەدەن.

جا ئەمانەکۆمەڵێک بنەمان پێویستە هەردەم لەبەرچاومان بن و پاشان بێ ئومێد نەبین لەسەرکەوتنیخواییکاتێ دەبینین موسڵمانان تەواو لاوازو بریندارن، چونکە لەو کاتانەدا سەرکەوتنیخوایی وەک گزنگیخۆری بەرەبەیان هەڵدێت و درِ بەشەوە زەنگی زوڵم دەدات و چاوی هەوادارانی ڕۆشن دەکاتەوە. خوایگەورەدەفەرموێت :{ حَتَّى إِذَا اسْتَيْئَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا جَاءَهُمْ نَصْرُنَا.. } سورەتی یوسف ١١٠

واتە: هەتا کاتێ پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) بێئومێد بوون لەوەڵامدانەوەی گەلەکەیان و زانیان کە بەدرۆخرانەوە ئا ئەو کاتە سەرخستنی ئێمەیان پێدەگات.

بەڵام پرسیارێک زۆرجار وەک زەنگێک دەدات لەهۆشی موسڵمانان و کەم کەس هەیەئەم حاڵەتەی توش نەبوبێت، ئەویش ئەوەیە: بۆچیسەرناکەوین؟ بۆچیسەرخستنی خوایی دواکەوت؟ خۆ هەموو بنەماکانی سەرکەوتنیش کەم تا زۆر لەبەرچاون، ئەبێ حیکمەتی ئەم دواکەوتنە چیبێت؟

جا وەرن با گوێ بگرین لەسەید قوتب(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بزانین چۆن وەڵامیئەم حاڵەتەمان دەداتەوە:

سەید دەفەرموێت:( ئەگونجێ سەرکەوتنیخوایی دوا بکەوێت بۆ ئەو کەسانەیکەستەمیان لێکراوە و لە ماڵ و حاڵیخۆیان وەدەرنراون بەبێ هیچ هەق و گوناهێک، تەنها لەبەر ئەوەی وتوویانە"الله پەروەردگارمانە" جا ئەم دواکەوتنی سەرخستن و نەصرە لەبەر حیکمەتێکە کە خوایگەورە خۆی ویستی لێیەتی:

ئەگونجێ دواکەوتنەکەی لەبەر ئەوەبێ کەبناغەی ئومەتی موسڵمانان هێشتا کامڵ نەبوبێو پێنەگەیشتبێو ووزەو تواناکانی کۆنەکردبێتەوەو خانەکانی نەخستبێتەکارو هێزو خۆئامادەکارییەکانی وەک پێویست نەبێت. جا ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتەیان سەرکەوتنیان بداتێ هەر زوو لەدەستی دەدەن، لەبەرئەوەی توانای پاراستنی ئەو سەرکەوتنەیان نییە.

یان ئەگونجێ لەبەر ئەوەبێ تا ئوممەتی ئیماندار کۆتا هێزو ووزەیەک کەهەیەتی بیبەخشێو هیچ کاڵایەکی خۆشەویست و گرانبەها نەهێڵێتەوە ئیلا بەئاسانی لەپێناوی خوادا سەرفی بکات. وەسەرکەوتن دوا دەکەوێ لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای ئیماندار کۆتا هێزی خۆیتاقی بکاتەوەو بۆیڕوون ببێتەوە کەئەم

هێزەی‌ئەم هەیەتی‌بەتەنهاو بەبێ پاڵپشتی‌خوایی سەرکەوتن مسۆگەر ناکات، بەڵکو سەرکەوتن لەلای خوای پەروەردگارەوە کاتێ دادەبەزێ کە کۆتا ووزەو تواناکان ببەخشرێ و پاشان دەرئەنجامی کارەکە بدرێتە دەست خوای گەورە.

وەلەوانەیە دواکەوتنی ئەو سەرکەوتنە لەبەر ئەوە بێ تا نەتەوەی ئیماندار پەیوەندی‌پتەوتر بکات لەگەڵ خوای گەورەدا، لەکاتێکدا تووشی‌ئازارو ناڕەحەتی‌دێت و دەبەخشێ‌و جگە لە خوای‌گەورە هیچ پشتیوانێک نابینێتەوەو جگەلەو لەکاتی‌ناڕەحەتیدا کەس شک نابات. جا ئەم پەیوەندی‌یە یەکەم گرنتی‌یە بۆ مانەوە لەسەر مەنهەجی ئیسلام دوای ئەوەی خوای گەورە سەرکەوتن دەبەخشێ. ئەوکاتە یاخی نابێت و لانادات لەهەق و دادپەروەری‌و ئەو خێرو چاکەیەی‌کە خوای گەورە بە هۆیەوە سەرکەوتنی پێ‌بەخشیوون.

وەلەوانەیە لەبەر ئەوەبێ تا ئێستا ئومەتی ئیماندار لەتێکۆشان و قوربانی‌دانی‌دا بەتەواوی یەکلانەبووبێتەوە بۆ خواو بانگەوازەکەی. وەلەپێناوی بەدەست کەوتنی غەنیمەت یان دەمارگیری‌یان ئازایەتی دەرخستن بەرامبەر دوژمنانی بجەنگێ، لەکاتێکدا خوای گەورە دەیەوێ جیهادکردن بۆ ئەو و لەپێناوی ئەودا بێت دوور لەهەموو هەستێکی‌تر کەتێکەڵی دەبێت.

جا پرسیار کرا لەپێغەمبەری‌خوا (صلى الله عليه وسلم) :پیاو هەیەبۆ دەمارگیری‌دەجەنگێ، هەیەلەبەر ئازایەتی، هەیەلەبەر ڕوپامایی، کامیان لەپێناوی‌خوادایە؟ ئەویش فەرمووی: (هەر کەسێک بجەنگێت لەپێناوی ئەوەی کە ووشەی‌خوای‌گەورە بەرزو بڵند بێت ئەوەلەپێناوی‌خوادایە ). رواەالشیخان.

هەروەها سەرکەوتن دوادەکەوێت لەبەر ئەوەی‌ئەو شەڕو خراپەیەی کە ئوممەتی ئیماندار دژی ڕاوەستاوەو خەبات دەکات پاشماوەی خێری هێشتا تێدایە. خوای گەورە دەیەوێ خراپەکەی لێ‌جیابکاتەوە تا بەتەنها بەرەو تیاچوونی‌ببات و زەڕەیەک خێری‌تێکەڵ نەبێت و بەهەدەر بڕوات.

وەئەگونجێ هۆکارەکەی ئەوە بێت کە ئەو بەتاڵەی کە ئوممەتی ئیماندار دژی دەجەنگێ ناشرینی‌و ساختەیی بەتەواوی بۆ خەڵک ڕون نەبوبێتەوە. خۆ ئەگەر لەو کاتەدا ئیمانداران سەربکەون بەسەریدا ئەوا هەندێ کەسی هەڵخەڵەتاو پێی پشتیوانی دەکەن لەوانەی‌کەهێشتا قەناعەتیان بۆ دروست نەبووە بەخراپەی ئەم بیروباوەڕە بەتاڵەو بێویستی بە لابردن هەیە. ئەوکاتەش هەر ڕەگ و ڕیشەی لە دەرونی کەسانێکی بێ‌خەتادا کەهێشتا ڕاستیان بۆ ڕوون نەبوەتەوە دەمێنێتەوە. جا خوای‌گەورە ویستی وایە ئەو

باتڵەبمێنێتەوە هەتا عەیب و عاریبۆ خەڵکی ڕۆشن و بەدیار دەکەوێت، تا دوای لەناوچوونیکەس داخ و پەژارەی بۆ هەڵنەکێشیٚ..

لەوانەشە ئەو دواکەوتنە لەبەر ئەوەبێ ئەو ژینگەیە هێشتا نەشیاوبێت بۆ وەرگرتنی ئەو حەق و خێرو دادپەروەریەی ئوممەتیئیمانداران نوێنەرایەتیدەکەن. جا ئەگەر لەو کاتەدا سەربکەویٚ ئەوا ژینگەکە بەرهەڵستی دەکات و زەمینەی مانەوەی نامێنیٚ، بۆیە خوای گەورە ململانێکە دەهێڵێتەوە تا دەروونەکانیچواردەور دەسازێنیٚ بۆ وەرگرتنیحەقی سەرخراوو مانەوەی.

لەبەر هەموو ئەمانەو زۆرێک هۆکاریتر کەخوایگەورە خۆی دەیزانیٚ سەرکەوتن دوا دەکەوێت و زۆر قوربانی دەدریٚو ئازارەکان چەند جارە دەبنەوە لەگەڵ ئەو بەرگرییەی خوایگەورە لەئیماندارانی دەکات و لەکۆتایشدا سەرکەوتنیان پیٚدەبەخشیٚ. سەرکەوتنیش چەند تەکلیف و کارێکی هەیە دوای ئەوەی خوای گەورە دەیبەخشیٚ لەپاشا هۆکارو بەجێهێنانەکانیو سازاندنیجەوی چواردەوری بۆ وەرگرتن و هێشتنەوەی، خوای گەورە دەفەرموێت:{ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ* الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ} سورەتی الحج /٤٠ـ٤١ .

جا بەڵێنی چەسپاوی بیٚگومانی خوایگەورە ئەوەیە کە هەرکەسیٚ دینەکەی سەربخات سەری دەخات، جا کوان ئەوانەی دینیخوا سەردەخەن ئەوا شایەنی سەرخستنیخوای بە توانان، کە هەرکەسێک ئەو پشتیبگرێت هەرگیز ژێرناکەوێت و نادۆڕێت .